# ئەگەری پارچە پارچەبوونی عیراق و ڕێ و شوێنی ئێمە ئەنارکیستان

پێشتر لە هەڵوێستنامەیەکدا تێڕوانینی خۆمان [سەکۆی ئەنارکیستانی کوردستان] لەبارەی جەنگ و هێرشی داعش و کێشمەکێشی ڕامیارانی سوننە و شیعە لەسەر دەسەڵات خستەڕوو ، لێرەدا هەوڵی خستنەڕووی هەڵوێستمان لەمەڕ ئاکامی نەخشەی ڕامیاران و جەنگ دەدەین.

بە تێڕوانینی ئێمە لە ساڵی ١٩٩١ بەملاوە عیراق وڵاتێکی یەکپارچە نەبووە ، بەتایبەت پاش ڕوخانی ڕژێمی دیکتاتۆریی پێشوو و داگیرکردنی لەلایەن هێزە هاوپەیمانەکانی ئەمەریکاوە لە ساڵی ٢٠٠٣دا ، کە بەکردەوە عیراق بەسەر سێ ناوچەکەدا دابەشبووە ؛ هەرێمی کوردستان بەو جۆرەی کە لە ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١دا سەربەخۆیی خۆی بەدستهێنا ، تا ئێستاش بە جۆری فیدراڵی دەوڵەتیی سەربەخۆیی لاوەکی خۆی هەبووە ، ناوچەی سوننەنشین بەردەوام لەتەك حکومەتی نێوەندیدا لە کێشەدابووە و لە هەموو خزمەتگوزاریی و گرنگیپێدانێك بێبەشبووە ، ناوچەی سێیەم ، ناوچەی دەسەڵاتی فەرمانداریی نێوەندییە ، کە جڵەوی لە دەست ڕامیارانی زۆرینەی شیعەدایە.

سەرباری هەموو هەوڵ و پیلانە ڕامیارییەکانی دەسەڵاتخوازان ، هێشتاکە خەڵکی عیراق [ئەوانەی کە بێدەسەڵاتن] لە باکوورەوە تا باشوور لەڕووی پەیوەندی کۆمەڵایەتییەوە پێکەوە دەژین ، هەرچەندە لە ماوەی نیو سەدەی ڕابوردوودا بەردەوام باجی کێشمەکێش و دەمارگیریی ڕامیاریی و تەقینەوە و جەنگ و ئەنفال و کیمیاباران و ڕاگواستن و سووتاندنی گوند و شارۆچکەکانیان داوە و قوربانی جەنگی دەسەڵاتخوازانەی پارتە ڕامیارییەکان بوون.

بەڵام تەقینەوەی ئەم جارەی ململانێ سەربازییەکانی دەسەڵاتداران و دەسەڵاتخوازان بە جێیەك گەیشتووە ، کە ئایەندەی ئەم دەڤەرەی خستووەتە سەر دوویانی جەنگ یا جیابوونەوە ، کە لە هەر دوو بارەکەدا لێکدابرینی ڕیزی خەڵکی ژێردەستەیە بە قازانجی دەسەڵاتداران و دەسەڵاتخوازان ، ئەگینا لە دەرەوەی کێشمەکێش و کینەدۆزی ڕامیاران و دەسەڵاتداران ، خەڵکی ئاسایی بێدەسەڵات ، هیچ کێشەیەکی لەتەك هاوسێ و هاوکار و هاپۆل و هاودەم و هاوەڵەکانیدا نییە و پرسە کۆمەڵایەتییەکان و خواستە هاوبەشەکان بەسەر دەمارگیریی خێڵەکیی و نەتەوەیی و ئایینیدا زاڵن.

هەڵبەتە ، بۆ ئێمە ئەنارکیستەکان ڕێگەی سێیەم هەردەم بوونی هەیە و پێشنیارە ، کە ڕێکخستنەوەی کۆمەڵە لەسەر بنەمای پێکهێنانی هەرەوەزیی و کۆمونە ئازادەکان ، کە بە خۆبەڕێوەبەرایەتی سەربەخۆ لەسەر بنەمای دیمۆکراسی ڕاستەوخۆ پشتئەستوور بێت. بەڵام بەداخەوە لەم ساتەدا کە هێزەکانی دەوڵەت و میلیشیاکان لە هەوڵی کۆمەڵایەتییکردنەوەی جەنگی دەسەڵاتخوازانەیاندان ، هێزی کۆمەڵایەتیی جەماوەر یا لە ناهوشیارییدا بەسەر پارتییەکان و میلیشیاکاندا دابەشبووە یا پرشوبڵاو و ناهوشیار و گیریخواردووە. لەبەرئەوە ئەگەر لە باری ناهوشیارییشدابێت ، باشترین ئەڵتەرناتیف ئەوەیە ، کە بڕیارەکان بۆ خودی جەماوەر بگێڕینەوە ، تەنیا لەیەك باردا نەبێت ، کە بڕیاری جەنگ و قوربانیبوونە بۆ سەروەریی سەرمایەداران و ڕامیاران ، ئەگینا لەم ساتەدا هەر شتێك کە بەر لە ڕوودانی جەنگی نێوان ئێتنی و مەزهەبەکان بگرێت ، وەك هەنگاوی یەکەم بۆ دەربازبوون لە ماڵوێرانییەك کە لەوانەیە جینۆساید و کۆمەڵکوژیی ملیۆنی لێبکەوێتەوە ، پەسەندترە. بەتایبەت ئەوەی کە لە مێژووی ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عیراقدا بینەری جەنگی (٣٠) ساڵەی ڕژێمەکان دژی سەربەخۆخوازی کوردان و جینۆسایدی سەدان هەزاری گوندنشینانی کوردین بەناوی ئەنفال لە ساڵی ١٩٨٨ و کیمیارانی چەندین گوند و شارۆچکەی کوردنشین و سووتاندنی زۆنگاوە شیعەنشینەکانی خوارووی عیراق بووین و ئەوەی کە ئەم ڕۆژە لە ڕوودانەدایە درێژکراوەی هەمان ڕابوردووە بە پشتیوانی دەوڵەتانی ناوچەکە و سەروران و دەسەڵاتخوازانی نێوخۆی عیراقە و پارتییە ڕامیارییەکان لەپێناو گەیشتنیان بە دەسەڵات ، لە کۆمەڵایەتییکردنەوە و ڕەهەند [بوعد] پێبەخشینی کینەدۆزی و کوشتاردا ڕۆڵی سەرەکی دەبینن و پیادەکەری ڕامیاریی نیئۆلیبرالیزم و نەخشە ئابورییەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی جیهانی و زلهێزە داگیرکەرەکانن.

## - ئەگەرەکانی جیابوونەوە

لێرەدا پرسیارێك یەخەی ئێمە دەگرێت ، دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان چ دەوڵەتی سەربەخۆی بۆرجوازی کوردیان هەبێت یا حکومەتی هەرێمیی وابەستەی عیراق ، وەك دەوڵەتەکانی ناوچەکە و حکومەتی نێوەندیی عیراق ، چەوسێنەری کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکیشن و نوێنەرایەتی زلهێزەکان و کۆمپانییە جیهانخۆرەکان دەکەن. لەبەرئەوە لە بارێکی ئاوا دەوڵەتبوونیان نابێتە هۆی دەسەڵاتێکی توندتر یا نەرمتر ، بەڵکو بە هەمان شێوەی تا ئێستایان درێژە بە چەوسانەوە و دستەمۆکردنی ژێردەستانی ئەم دەڤەرە بۆ بەرژەوەندی ئابووریی و ڕامیاریی زلهێزەکان دەدەن.

ڕاستە جیابوونەوەی بەشەکانی عیراق دەبێتە هۆی لەیەك دووورکەوتنەوەی خەباتی چینایەتی ژێردەستانی دەڤەرەکان ، بەڵام لە ڕاستیدا لە پاش خەباتی کرێکارانی (گاورباغی) و هاوخەباتی ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابوردوو ، ئیدی لە سەرەتای ساڵانی دەهەی شەست بەملاوە ڕیزی چینایەتی ژێردەستان هەردەم لەژێر کاریی جەنگ و کێشە ڕامیارییە ئێتنی و مەزهەبییەکاندا لە یەکترازاندا بووە و بەداخەوە لە ئێستادا لەژێر کاریی ڕووداوەکاندا هێندەی دیکە ەو بارە خراپتر بووە. ئەمەش ئەگەری پەرەسەندن و هەڵگیرسانی جەنگی هەمەگیر و کۆمەڵایەتیبوونەوەی ڕەهەندەکانی زاقتردەکاتەوە ، هەڵبەتە بێجگە لەوەی کە لە کۆتایی جەنگی (عیراق-ئێران)ەوە دەزگە سیخورییە جیهانییەکان بە هەموو شێوەیەك خەریکی پێکهێنانی باندە مافیایی و دەستە تیرۆریست و گروپە مەزهەبی و ڕامیارییە توندڕەوەکانن و لە ڕێگەی ئەوانەوە زەمینە بۆ جەنگە ناکۆتاکان خۆشدەکەن.

لە بارێکی ئاوادا کە ئەگەری جەنگی کۆمڵکوژییانە لە یەکگرتنی ڕیزی چینایەتی زیاترە ، لەوانەیە ڕاپرسی (ڕیفراندۆم)ی خەڵکی لەسەر بڕیاردان لەسەر پرسەکان ، باشترین و ئاوەزگیرانەتربێت ، هەرچەندە بە حەز و ئارەزوومەندیی ئێمە نییە و ئێمە خوازیاری بڕیاردانی سەربەخۆی جەماوەررین لە دەرەوەی پێشنیار و نەخشەکانی ڕامیارانەوە و لە (٩) ساڵی ڕابوردوودا هەوڵ و بانگەوازی ئێمە بۆ خەباتی سەربەخۆی جەماوەریی و پێکهێنانی هەرەوەزییە گەلییەکان و فێدراسیۆنە ئازادەکان و یەکگرتنەوەیان بووە لە کۆنفیراڵییە ناوچەیی و هەرێمییەکاندا ، بەڵام لەبەرئەوەی کە مەترسییەکان لە ئومێدەکان زەقتر و دەرکەوتەترن ، باشترین هەڵبژێر بڕیاردانی ڕستەوخۆی دانیشتووانی هەرێمەکانی عیراقە لەسەر داهاتووی خۆیان.

لە بارێکی ئاوادا ئێمە چاوەڕێی بڕیاردانی خەڵك لەسەر بنەمای پاگەندەی ژەهراوی ڕامیاریی لایەنە دەسەڵاتخوازەکان نامێنینەوە و لە هەنگاوی یەکەمدا ئەرکی سەر شانمانە کە لە مەیدانی پاگەندەی بەر وامەوە دژی هەوڵ و پاگەندەی نوێنەرانی لیبراڵ و ناسیونالیست و مەزهەبیی بۆرجواکان ، کار بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوە سەربەخۆ جەماوەرییەکان و گروپە خۆجێییەکان و خۆبەڕێوەبەرایەتییە گەلییەکان و جێخستنی بنەماکانی دیمۆکراسی ڕاستەوخۆ بکەین ، چ وەك بەرپەرچدانەوەی پیلانەکانی ئێستا و چ وەك ئامراز و مەیدانەکانی خەبات لە داهاتوودا.

هەڵبەتە ئەمە بەواتای پەسەندکردن و پەسەندبوونی سەرەنجامە نەخوازراوەکان نییە ، بەڵکو بۆ ئێمە خەباتکارانی دژی سیستەم و سەروەریی چینایەتی ، ژێردستی هەر دەوڵەت و فەرمانداریی [حکومەت] و ڕێکستنێکی قوچکەیی بین ، خەباتمان لەپێناو کۆمەڵی ئەنارکیدا ناوەستێت و لەو ساتەوەش کە عیراق بەسەر چەند دەوڵەتی جیاوازدا دابەشبێت، ئێمە وەك ئێستا لەسەر تێکۆشان و پەرەدان بە چالاکییەکانمان بەردەوام دەبین و لە هەر شوێن و گۆشەیەکی ئەم جیهانەدا بێت ، بە هەمان گیانی هاوخەباتی چینایەتی و ئەنارکییەوە ، بە هاوپشتی هەمیشەیی و بەردەوام لەتەك هاوڕێ و هاوچینە عەرەبزمان و تورکزمان و فارسیزمانەکانمان ، خۆمان لە ڕیزی خەباتکارانەی ئەواندا دەبینین و وەك ئێستا خۆجێی چالاکی دەکەین و گەردوونی بیردەکەینەوە و خەبات بۆ جیهانێکی خاڵی لە سنوور و سەروەریی و مشەخۆریی دەکەین.

## - ڕیفراندۆمی ئازاد

پێش هەموو شتێك ئێمە لەوە دڵنیایین ، کە لە سایەی سەروەریی چینایەتیدا هیچ کات ئەگەری ڕوودانی ڕیفراندۆمی ئازاد بوونی نییە ، چونکە بەرلەوەی کە بڕیاری ڕیفراندۆمەکە بدرێت ، ئامانجەکانی ڕیفراندۆمەکە بەگوێرەی بەرژەوەندی چینی بۆرجوا و دەسەڵاتداران و ڕامیاران دارێژراون و هیچ پەیوەندییەکیان بە خواست و پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە نییە. لەبەرئەوە تەنیا کاتێك دەکرێت و لە توانادا هەیە کە ڕیفراندۆمێکی ئازاد ڕووبدات ، کە تاکەکانی کۆمەڵ لە ڕووی ئابوورییەوە سەربەخۆبن و لە ڕووی دەسەڵاتەوە یەکسان بن و مافی خۆبەڕێوەبەریی و بڕیاردانیان هەبێت ، هەروەها ڕاگەیاندن لە چنگی دەوڵەت و پارتییەکان ڕزگاربووبێت.

لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوە ، ڕیفراندۆمێك کە بڕیارە لە هەرێمی کوردستان یا هەر هەرێمێکی دیکەی عیراقدا بەرپابکرێت ، ناتوانێت ئازاد و لە دەرەوەی ویست و بڕیاری سەروەران و زلهێزەکانی جیهان بێت. لە هەرێمی کوردستاندا لە دوو دەهەی ڕابوردوودا چەند جار ڕاپرسی ئەنجامدراون ، بەڵام لەبەرئەوەی کە لە بەرژەوەندی زلهێزە داگیرکەرەکانی عیراق و خودی دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان نەبوون ، سەرەنجامەکان فڕێدراونەتە سەبەتەی زبڵی پارلەمان و ڕامیارانەوە.

بەڵام هەرگیز ئەمە بەو واتایە نییە ، کە هێزە ئازادیخواز و سۆشیالیستخوازەکان نەتوانن هاوکێشەکان پێچەوانە بکەنەوە ، بەپێچەوانەوە ئەگەر لەسەر بنەمای خەباتی سەربەخۆ و میکانیزمگەلێکی شۆڕشگێڕ [دژە-سیستەم/دژەباو] خەبات و چالاکی بۆ هەڵخڕاندنی ڕای گشتی و وروژاندنی خودهوشیاریی تاك و کۆمەڵە سەربەخۆکان بکرێت ، دەتوانرێت سەرەنجامێکی دیکە هەبێت ، بۆ نموونە ئەگەر ئاراستەی ڕاپرسییەکە دژی ئامانجە گەلییەکانی چین و توێژە بندەستەکان بن ، ئەوا بە بایکۆت یا بەشداریکردن بە کارتی سپی ، دەتوانرێت ڕەوایەتی و سەرکەوتوویی ئامانجی گڵاوی ڕامیاران پووچەڵبکرێتەوە.

ڕیفراندۆمێك کە لە ئێستادا ڕامیاران پێشنیاریدەکەن ، لە بۆ هەڵبژاردنی جۆری ڕێکخستن و شێوازی بەرهەمهێنان و خۆبەڕێوەبردن و جێکردنی کۆمەڵگەی ئازاد و کۆمەڵی هەرەوەز نییە ، بەڵکو بۆ دیاریکردنی سنووری دەسەڵات و سەروەریی بۆرجوازی و ڕامیارانی سوننە و شیعە و کوردزمانە ، کە سەرەنجام هەر بەردەوامیی بە سیستەم و سەروەریی چینایەتی و مشەخۆریی ڕامیاران و کۆیلەمانەوەی ئێمەی ژێردەستە بە سوننە و شیعە و و کوردزمانەوە ، دەبەخشێتەوە.

## - دەوڵەت؛ هەرێمیی ، نێوەندیی ، جیهانیی ؟

پێش هەموو شت ئێمە دەوڵەت و بیرۆکەی دەوڵەتێك کە پاگەندەی بۆ دەکرێت ڕەتدەکەینەوە ، نەك لەبەرئەوەی کە واژەی فریودەرانەی "کوردی" دەکرێتە پاشکۆی ، نەخێر، لەبەرئەوەی کە دەوڵەت هیچ کات ناتوانێت کوردی ، عەرەبی یا ئینگلیزی بێت ، بەواتایەکی دیکە دەوڵەت وەك پاگەندەی بۆ دەکرێت ، پارێزەر و ڕێکخەری بەرژەوەندی و ژیان و کاروباری خەڵکی نییە ، بەڵکو دەوڵەت ئامرازی سەرکوتی چین و توێژە کوردزمان و عەرەبزمان و ئینگلیززمان و...تد ; بەکردەوە لە ژیانی کەتواریی ڕۆژانەی خۆمان و لە ئەزموونە مێژووییەکانی هاوچینانماندا دەیبینین ، دەوڵەت ڕێکخراوی یەکخستن و تەباییپێدانی خواست و بەرژەوەندی و ویستی [ئیرادەی] سەرمایەدارانی سەروەر و ڕامیارانی مشەخۆرە بۆ سەرکوتکردنی یاخیبوونی چەوساوان و کۆیلەڕاگرتنیان.

لەبەرئەوە ، ئێمە دەوڵەت لە هەموو شێوە و قەبارە و بە هەموو جۆرەکان و ڕەنگەکانییەوە ڕەتدەکەینەوە ، لە بەرامبەردا خوازیاری کۆمەڵگە ئازادەکانین ، کە لەسەر بنەمای هەرەوەزیی کۆمەڵایەتی و سەربەخۆیی ئابووری و یەکسانی دەسەڵات و دادپەروەریی و هاوپشتی جیهانی پێکدێن و یەکگرتن و جیابوونەوە و بڕیاردانیان لەسەر بنەمای پێکهاتە و ڕێکخستنی ئاسۆیی فێدراسیۆن و کۆنفێدراسیۆنە پشتبەستووەکان بە دیمۆکراسی ڕاستەوخۆ و سەربەخۆیی تاك و کۆمیونییەکان دێتەدی.

لەسەر ڕۆشنایی ئەو تێڕوانین و بنەمایانەی سەرەوە ، ئێمە هەردەم دژی دەوڵەت پاگەندە دەکەین و ئەگەر لە ئێستادا خەڵکی بندەست دەوڵەتی بۆ لەنێونەچێت ، ئەوا خوازیاری ئەوەین کە بەلایەنی کەمەوە هەندێك داخوازیی و مافە سەرەتاییەکان و ئازادییەکان تاکی بێدەسەڵات مسۆگەربکرێن ، لەوانە :

- یەکسانی و هاومافیی گشت ئێتنیی و کۆمەڵە ئایینییەکانی چوارچێوەی ئەو دەوڵەتە ئەگەرییە بەناوی کوردەوە.

- یەکسانی ڕەگەزیی و بنەماییکردنی مافی منداڵان و دەستکۆتاکردنی ئایین و پارتە ڕامیارییەکان لە ژیانی خەڵکدا.

- سەپاندنی ئازادییە کەسیی و جڤاکییەکان : خۆڕێکخراوبوونی سەربەخۆ و ئازادی پێکهێنانی هەرەوەزییەکان و ئازادی چۆنیەتی ژیان و ڕادەربڕین و نووسین و ڕەخنەگرتن و خۆنیشاندان و بڕیاردانی تاك و کۆمەڵەکان لەسەر ژیانی خۆیان.

- هەبوونی مافی خۆبەڕێوەبەرایەتی سەربەخۆی جڤاکی ناوچە و هەرێمەکان ... .

- ئازادی هەڵبژاردن و بەکاربردنی زمانی دایکی هەر گروپ و ئێتنییەك وەك زمانی کارگێریی و پەروەردە و خوێندن و ڕاهینان و پەیوەندی.

- مسۆگەریی مافی جیابوونەوە و یەکگرتنی هەر ناوچە و هەرێمێك لەتەك ئەوانی دیکەدا...

- ڕێکخستنی خۆبەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵەکان لەسەر بنەمای ئۆتۆنۆمی کۆمیونیتی و ناوچەکان ...

- هەڵوەشاندنەوەی خەرج و مووچەی تایبەتی پارتییەکان و ڕامیاران و دەزگە ئایینییەکان و لابردنی لەسەر هەزێنە و داهات و سامانی کۆمەڵ.

- سەندنەوەی بەرتەریی ئابووریی و خانەنشینی تایبەتی ڕامیاران و پۆستی سەرۆکایەتی و مووچە و خانەنشینیی پاشایانەی ئەو ...

- سەندنەوەی شاخ و دەشت و گرد و زەوییەکان و کەرتەکانی بەرهەمهێنان لە کۆمپانییە پارتیی و تایبەتەکان و گێرانەوەیان بۆ سەر دارایی کۆمەڵایەتی/گشتی.

- دەستکۆتاکردنی کۆمپانییە جیهانخۆرەکان و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی جیهانی و زلهێزەکان و دەوڵەتی نێوەندی ...

- دابینکردنی مافی پەنابەریی و هاوتایی لە نێوان گشت دانیشتووان لە هەر ڕەگەز و نەژاد و ئێتنیی و ئایین و...تد و هەڵوەشاندنەوەی یاسای ڕەگەزنامەی پلە یەك و پلە دوو ، یاساخبوونی دیپۆرتکردنەوەی هەر پەنابەرێك

- یەکسانی هەمە لایەنە لە ماف و کرێ و یەکسانیی هەلی کار لە نێوان کرێکارانی نیشتەجێ و کرێکارانی کۆچەر...

- ..... هیدیکە ....

وەك پێشتر گوتمان ، ئێمە خوازیاری کۆمەڵی سۆشیالیستی/ ئەنارکین و هەموو سیستەمێکی ڕامیاریی و سەروەریی هەر کەسێك بەسەر ئەوانی دیکەدا ڕەتدەکەینەوە. هەروەها خوازیاری پێکەوە ژیان و مانەوە و هاوخەباتی هەمووانین ، بەڵام ئەگەر مانەوە و پێکەوەژیانی پێکهاتەکانی عیراق لەبەردەم هەڕەشەی جەنگی خێڵەکی و ئایینی و نەتەوەییدا بێت ، ئەوا لەبەر دووبارە نەبوونەوەی نەهامەتیی و کۆمەڵکوژییەکانی بۆسنە ; هەرزەگوین و ..تد ، کە هەموو کات باندە مافییەکانی سەرمایەداری زەمینەیان بۆ خۆشدەکەن ، ڕەوایەتی بە بڕیاردانی هەمووانیی دانیشتوانی هەرێمەکانی عیراق لە ریفراندۆمی ئازاددا دەدەین و ئەگەر لە سەرەنجامی ئەو ڕێکفراندۆمەشدا چین و توێژە بندەستەکان لە ئاستی خودهوشیاریی و خۆبەڕێوەبەرایەتی سەربەخۆی کۆمیونیتی و هەرەوەزییەکانی خۆیان نەبن ، ئەوا هەوڵ بۆ دروستکردنی فشار لەسەر دەوڵەتی نێوەندی و هەر دەوڵەتێکی دیکە کە بڕیارە دروستبێت ، دەدەین ، تاوەکو بە هەر ڕادەیەك کە هەوڵ و خەباتی چەوساوان لە توانایدا هەیە ، سنووری دەسەڵاتداریی سەروەریی و مشەخۆریی سەرمایەداران و ڕامیاران بەرتەسك بکەینەوە و پانتاییەك بۆ ڕێکخستنی ژیانمان بەو جۆرەی کە دەمانەوێت ، دابینبکەین.

نا بۆ دەوڵەت و سیستەمی ڕامیاریی

نا بۆ کۆمەڵگەی چینایەتی و جەنگی کۆمەڵایەتی

بەڵێ بۆ خەبات و جەنگی چینایەتی

بەڵێ بۆ پێکەوەژیان و تەبایی هەموو ئێتنیی و ئایینداران و چین و توێژە پرۆلیتێرەکان

سەکۆی ئەنارکیستانی کوردستان

5ی جولای ٢٠١٤